# بیکەر و بێدەنگی گەنج
# تۆڵەیەك لە سەرکردە



**هەردی مەهدی میکە**
Hardi_mahdi@yahoo.com

بەرلەوەی پاساوی ئەوەبهێنینەوە کە بێباك نین، با ئەو رۆژانەی رابردووتان بیربهێنینەوە، کاتێك کە تورکیا هەڕەشەی هاتنە ناوەوەی بۆ ناو خاکی کوردستان کرد ، ئەوکات دەستبەجیٚ گەنجان بوون رژانە سەرشەقام ئالای تورکیایان سوتاند، بیرتانە ئەوکاتیش پێتان ووتن گەنجانی توڕە دەستیان لەپشتەوەیە و ژمارەیەکی بەرچاوی خۆپیشاندەرانیشتنان دەسگیرکرد و سوێنتاندان کە ئیتر لە هیچ خۆپیشاندانێکدا بەشدارنەبنەوە ، لەزانکۆشدا تەواوی ئەو گەنجانەتان غیابدا کە بەشداربوون لەو هەڵوێستە نیشتمانیەدا.

بێباکی ئەو وشەیەی کە بەردەوام لەزاری سیاسی و نەوەکانی دوێنێوە دەیبیستین و خێرا هاوپێچی گەنجانیش دەکرێت وەك هەڵگری ئەو سیفاتە، لێرەدا نامەنەویٚ وەڵامبدەینەوە، ئەوەندەی دەمانەویٚ بڵێین وردبنەوە لە بێباکیمان لە بێدەنگیمان وەڵامتان دەستدەکەوێت.

لەتازەترین حاڵەتی پەیوەست بە چارەنووسی قەدەر ئاسای کوردەوە راپۆرتەکەی بیکەر هاملْتنە، لەوەدا ئاماژەی ترسناکی بۆسەر بەرژەوەندی کوردستان تێدایە لەلایەك و لەلایەکیتر شکستی دیبلۆماسیەتی سەرانی کورد ئاشکرادەکات، ئەوەی پەیوەست بێت بە گەنجەوە پرسیارێکە دەوترێت بۆچی گەنجان هاوتای سیاسیەکان نارِژێنە سەرشەقام دژی ئەو راپۆرتە؟!

پرسیارەکە رەنگە جێگەی خۆی بێت، بەڵام دوو هێندەش جێگەی خۆیەتی لەو هەڵوێستە بڕوانرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لەمڕۆدا سەرانی کورد بۆ هێنانەوەی مایەیەی خۆیان و جێکردنەوەیان لە سیاسەتی تازەی ئەمریکادا پێویستیان هەناسەی مناڵێکیشە نەخوازەڵا هێزی پڕ ئیرادەی گەنجان. بەڵام بەرلەوەی ئێوە پرسیار لە گەنج بکەن بۆ بێباکن؟ گەنج مافی خۆیەتی بپرسیٚ لە 16 ساڵی ئەزمونتانا چیتان بۆ گەنج کرد جگە لەوەی ناردنتانە سەر گردەکانی کلاوقاسم و دێگەڵە و شەڕەکانی ناوخۆ؟ لە کوێی پرۆژە و مافەکانتاندا بەشی گەنجتان دیاریکرد ؟ تا ئەمڕۆ گەنجانیش شەقامەکانتان بۆ پڕکەن لە پشتگیری و ئیرادەی خۆیان وەك جاران بخەنەوەگەڕ پشتبەستوو پێیان ئێوەش جێگای خۆتان لە هاوکێشە نوێکاندا بکەنەوە.

نا بگرە بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ گەنجێکی زۆری ئەم وڵاتە وەك تۆڵەیەك دەڕوانێتە راپۆرتەکەی بیکەر لە سیاسیەکانی کوردستان کە نەگ گەنج ساڵانێکە جەماوەریشیان بیرچۆتەوە..

ئێوەی سیاسی بەردەوام بە گەنج دەڵێن بێباك و کەمتەرخەم ، بەڵام با لێتان بپرسین کیٚ لە دەسەڵات بێباکترە بەرامبەر گەنجە بێکارەکان و نامۆبونیان بە نیشتمان؟! کام رۆژ پەرلەمانەکەتان لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی کۆچی گەنجان؟! کامەبوو ئەو رۆژە حکومەتەکەتان لایەکی کردەوە لە بێکاری گەنجەکان و لانیکەم خستنیە پرۆژەیەکی ڤێلاکانی بەرپرسەکانەوە تا داهاتێکی کەمی جلوبەرگ و رۆژانەیان وەدەسخەن؟!

لەبەرئەوە لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا بێشك وەلامی پرسیاری بێباکیەکەی خۆتانتان بیردێتەوە، راستیەکەی نەك هەر گەنج بێباکنیە و نابێت، نا ئەوە توڕەیی گەنجە نایهێنێتە سەرشەقام چونکە ئوە بە چارەنووسی ئێوە دەزانێت نەك خۆی، ئەمەش

**راستە هەڵەیەکە بەڵام لە ئەستۆی ئێوەدایە کە بەرهەمهێنەری دۆخێکی وان. چونکە لەم وڵاتەدا تاڵە دەزویەکتان نەهێشتەوە گەنج ببەستێتەوە بە نیشتمانەوە، تەنها گوریسی هەڵهاتن و جێهێشتن نەبێت.**

**راشکاوانەتر بڵێین سیاسیەکان چۆن روتان دێت داوا لە جەماوەر و گەنج بکەن بێنە پشتگیریتان و برژێنە سەرشەقام، بیرتان نایەت لەهەڵەبجە و کەلار و سلێمانی و ئاکرێ و رانیە تەنها لەبەر داوای کارەبا و دوو مەتر قیر ، لێتان کوشتن و پێتان ووتن دەستتان لە پشتەوەیە؟ ئێوە لەسر بلۆك و چەوی مینۆمێنتەکە دادگایەکتان دروستکرد و گەنجانتان دایە بەر چەکوشی تۆمەتەکان و زیندانیتان کردن، ئەی دادگایەکیشتان بۆ بکوژانی گەنجەکەی هەڵەبجە لەو روداوەدا سازنەکرد؟ ئەی کوا دادگایەکیتان بۆ ئەو دزیە بەلێشاوانەی بەرپرسەکان کە ڤێلاکانیان شەڕ لەگەڵ هەوردا دەکەن؟؟ بۆیە ئەوە بێباکی گەنج نیە بەڵکو تورە لە سیاسەتتان لە پرۆژەتان لە گەندەڵی و ....تاد.**